تێچووی هەناردەکردنی نەوت کەم دەکاتەوە

دووەم بۆڕی بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا رادەکێشرێت

بۆرییە نەوتەکە دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی شێخان و 5.44 کیلۆمەتر درێژە و لە مانگی داهاتوودا کارەکانی تەواو دەبێت و رۆژانە زیاتر لە 120 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی پێ هەناردە دەکرێت.

لەمبارەیەوە جێگری سەرۆکی لێژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، دڵشاد شەعبان غەفار رایگەیاند: راکێشانی دووەم بۆڕی نەوت کە بۆرییەکی لاوەکییە لە سنووری شارۆچکەکانی شێخان، بەردەڕەش و ئامێدی لە چوارچێوەی ستراتیجیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی نەوت لە هەرێم.

جێگری سەرۆکی لێژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، دڵشاد شەعبان گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بۆرییە نەوتەی بۆ ئەو مەبەستە راکێشاوە تاوەکو نەوتی کۆمپانیاکانی KHN و گەڵف کیستۆنی بەریتانی کە لە ناوچانە کار دەکەن بگوازێتەوە بۆ بۆڕی سەرەکی نەوت لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جەیهان لەوێشەوە بۆ وڵاتانی جیهان.

دڵشاد شەعبان گوتیشی: گرنگی ئەو بۆرییە نەوتە لەوەدایە کە تێچووی هەناردەکردنی نەوت کەم دەکاتەوە، چونکە هەناردەکردنی نەوت بە تانکەر هەم تێچووی زۆرە و هەمیش کاتێکی زیاتری پێویستە، بەڵام گواستنەوەی نەوت بە بۆڕی خێرایی زیاترە لە هەمان کاتیشدا تێچووشی نەوتە بۆرییەکی لاوەکییە و بە بۆڕی سەرەکی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبەسترێتەوە، درێژی بۆرییەکە 44 کیلۆمەتر و 500 مەتر دەبێت و ئەمەیش بۆ ڕێژەی بوونی نەوت لە ناوچەکە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە کێڵگەیەک 70 هەزار بەرمیل نەوت هەیە لە کێڵگەیەکی دیکە 30 هەزار. دەشڵێت ڕاکێشانی ئەو بۆرییە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە نەوت و لە پلان و بەرنامەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندایە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی لە ناوچەکانی شێخان، بەردەڕەش، ئامێدی و سەرسنگ کار دەکەن لە ئایندەدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە رۆژێکدا 350 بۆ 400 هەزار بەرمیل بەرز بکرێتەوە، بە مەرجێک هاوشێوەی ساڵی 2014 کێشەی ئەمنی کە شەڕی داعش بوو هەروەها قەیرانی دارایی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان نەبێتەوە. هاوکات سەبارەت بە وادەی کاردرنی، دڵشاد شەعبان گوتی: ماوەیەکی زۆرە کار بۆ ڕاکێشانی ئەو بۆرییە دەکرێت، بەشی هەرە زۆری کارەکان تەواو بووە، چاوەڕوان دەکەین لە مانگی داهاتوودا کاری پێبکرێت و نەوتی پێ بگوازرێتەوە بۆڕی سەرەکی تا هەناردەی بەندەری جەیهان بکرێت، پێشبینی ئەوە دەکەین ڕۆژانە 100 بۆ 120 هەزار بەرمیل لە ڕێگەی بۆرییەکە هەناردە بکرێت.

ئۆپێک: وڵاتانی بەرهەمهێن پابەندن بە ڕێککەوتنامەی کەمکردنەوەی بەرهەم

ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی ئۆپێک، محەمەد بارکیندۆ رایگەیاند، داتاکانی مانگی ئاداری ڕابردوو دەریدەخەن کە وڵاتانی بەرهەمهێن پابەند بوون بە ڕێککەوتنامەی کەمکردنەوەی بەرهەم.

لە میانی دیداری ڕاگەیاندنی نەوت بۆ وڵاتانی کەنداو کە لە شاری ئەبو زەبی پایتەختی ئیمارات بەڕێوەدەچێت، محەمەد بارکیندۆ گوتی: ڕێژەی پابەندبوون بە ڕێککەوتنامەی نێوان ئۆپێک و سەربەخۆکان لە مانگی ئاداری ڕابردوو بە بەراورد لەگەڵ مانگی شوباتی ڕابردوو، زۆر زیاتر بووە. لە سەرەتای ئەمساڵ و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنامەیەکدا، وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ دەستیانکرد بە کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت بەبڕی 2.1 ملیۆن و 558 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا کە ئەو کەمکردنەوەش بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام دەبێت ئەوەش بە ئامانجی جێگیرکردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان.

ئەمینداری گشتی ئۆپێک دووپاتیکردەوە کە سەرجەم وڵاتان لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوەکە، پابەندن بە ڕێککەوتنامەی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت و جێگیرکردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان. محەمەد بارکیندۆ گوتیشی: لە ئەنجامی هاوکاری نێوان ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ، بازاڕی نەوت بە ئاراستەی بوژاندنەوە دەڕوات.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان تۆمار دەکات

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەمەودوا ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانیش لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆمار دەکرێن، وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە میدیای ئەلیکترۆنی لە ئێستادا بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و خێرای گەیاندنی زانیاری بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان، هەروەها ڕاشیگەیاندووە: لەگەڵ ئەوەی یاسای ژمارە(37)ی ساڵی 2007ی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ڕێکخستن و تۆمارکردنی ڕۆژنامەگەری چاپکراوی دیاریکردووە، هەروا وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێم بە ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوانسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2014 کە لە وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو وبیستراوی ڕێکخستووە، بەڵام میدیای ئەلیکترۆنی لە هیچ دەقێکی یاسایی ڕێک نەخراوە و بۆشاییەکی یاسایی لەم بوارە هەستیار و گرنگەدا هەیە.

نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان گوتوویەتیشی: لەبەر ئەوەی هەندێک لەو بابەتانەی کە لە لاپەڕەکانی ئەلیکترۆنی لە هەندێک ڕۆژنامە یاخود ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە لەوانەیە بکرێت لەو کردارانەی کە بەپێ یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە 6ی ساڵی 2008 تاوان پێکبهێنن، جا کارێکی ئاساییە کە بگوترێت حکومەکانی ئەو یاسایە لەسەر ئەو جۆرە کردارانە پەیرەو دەکرێت. لە بەر شێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: حکومەکانی یاسای ڕۆژنامەگەری و یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی پەیرەو دەکرێت کە وەسفی یاسای ڕۆژنامە بە خۆوە دەگرێت تەنها ئەو دەقانە نەبێت کە هەر بەسەر ڕۆژنامەی کاغەزدا پەیرەو دەکرێت.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەشڵێت: بە پشت بەستن بە ڕادەربڕینی ئەنجوومەنی شورای هەرێم لەمەودوا، ماڵپەڕ و سایتە ئەلیکترۆنییەکان و ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی بە شێوازی ئەلیکترۆنی بڵاو میدیا کۆمپانیا نەوتییانەی لە ناوچەکانی شێخان، بەردەڕەش، ئامێدی و سەرسنگ کار دەکەن لە ئایندەدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ڕۆژێکدا 350 بۆ 400 هەزار بەرمیل بەرز بکرێتەوە، بە مەرجێک هاوشێوەی ساڵی 2014 کێشەی ئەمنی کە شەڕی داعش بوو هەروەها قەیرانی دارایی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان نەبێتەوە. هاوکات سەبارەت بە وادەی کاردرنی، دڵشاد شەعبان گوتی: ماوەیەکی زۆرە کار بۆ ڕاکێشانی ئەو بۆرییە دەکرێت، بەشی هەرە زۆری کارەکان تەواو بووە، چاوەڕوان دەکەین لە مانگی داهاتوودا کاری پێبکرێت و نەوتی پێ بگوازرێتەوە بۆڕی سەرەکی تا هەناردەی بەندەری جەیهان بکرێت، پێشبینی ئەوە دەکەین ڕۆژانە 100 بۆ 120 هەزار بەرمیل لە ڕێگەی بۆرییەکە هەناردە بکرێت.

گەڕانەوەی ئارامی بۆ چەند ناوچەیەک زیادبوونی ژمارەی ئاوارەی وەستاندووە

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان شاکر یاسین بە ڕووداوی ڕایگەیاندووە بەهۆی بەردەوامی شەڕ و گەڕانەوەی ئارامی بۆ هەندێک ناوچەی دیکەی عێراق، ژمارەی ئاوارەکان بەنزیکەیی لە یەک ئاستدا وەستاوە، چونکە چەند دەگەڕێتەوە ئەوەندەی دیکە ئاوارە دەبن. شاکر یاسین گوتیشی لە هەرێمی کوردستاندا 265 هەزار کەس لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستانەوە وەکو پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن و، یەک ملیۆن و 670 هەزار کەسیش لە عێراق و سووریاوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو ئاوارانەی عێراق لە دوو کاتی جیاوازدا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، نزیکەی 250 هەزار کەس لە ساڵی 2003 و دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس هاتوون، بەشی زۆریشیان لە دوای هاتنی داعشەوە هەڵاتوون. سەبارەت بە هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاوارەکان، شاکر یاسین دەڵێ لەبەر ئەوەی هاوکارییەکان ڕاستەوخۆ بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نادرێن، ناتوانرێت سوودێکی بەرچاوی لێ ببینرێت، بەڵام ئەگەر ئەم بابەتە بەنێودەوڵەتی بکرێت، ڕەنگە بەهۆی فراوانبوونی هاوکارییەکانەوە، باری قورسی سەرشانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سووکتر ببێ

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە سزاکانی سەر ئێرانەوە دەچێتەوە

ئاژانسەکان- کارزان حەیدەر:

ئیدارەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێ کە ئێستا لە پێداچوونەوەیە بە سزاکانی سەر ئێران و تاوتوێی ئەوە دەکەن هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئێران لە بەرژەوەندی ئاسایشی ئەمەریکا دەبێت یاخود نا.

ڕیکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران پۆل ڕایەن کرد و تێیدا گوتی: ئێران تا ئێستاش پابەندە بە ڕێککەوتنەکەی لەسەر چەکی ئەتۆمی کە لە ساڵی2015 ئیمزای کردووە، بەڵام ترسی خۆی لەوە نەشاردەوە کە ئێران وڵاتێکە پشتیوانی تیرۆر دەکات. بەپێی ڕێککەوتنەکەش لەسەر وەزارەتی دەرەوەیە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕابسپێرێت هەموو 90 ڕۆژێک چاودێری پابەندبوونی ئێران بە نەخشەی کاری گشتگیر و هاوبەشی ناسراو بە jcpoa بکات، ئەوەش بە یەکەم هەنگاو دادەنرێت لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک ترەمپادا.

تیلرسۆن لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: وەزارەت بۆ ڕاین جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئێران تاوەکو 18ی نیسان پابەندی نێودەڕۆکی نەخشەی کاری گشتگیر و هاوبەش بووەو زیاتر گوتی: سەرۆک ترەمپ ئاژانسەکانی ڕاسپاردووە سەربەرشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بکەن بۆ پێداچوونەوە بە نەخشەی کاری گشتگیر و هاوبەش، هاوکات ئەگەری هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئێران هەڵبسەنگێنن، بۆ ئەوەی بزانن لە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە یاخود نا. ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ڕێککەوتنەکەی ئێرانی لەگەڵ وڵاتەکەی لەسەر پرسی ئەتۆمی بە خراپترین ڕێککەوتن وەسفکرد و بەڵێنیدا ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر بێتە سەر دەسەڵات. لە لایەکی دیکەوە وەزیری بەرگری جەمیس مانتیس مانگی ڕابردوو گوتی: ئێران تاوەکو ئێستا وەکو وڵاتێکی سەرچاوەی تیرۆر هەڵسوکەوت دەکات و پشتیوانی چالاکییەکانی توند ئاژۆکان دەکات. تیلرسۆن لە نامەکەیدا نووسیویەتی: ئێران وەکو یەکەم وڵاتی پشتیوانی تیرۆر بە جۆرەها شێواز دەمێنێتەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئێران بەوە تاوانبار دەکات کە ماوەیەکی درێژە وەک گەورەترین وڵات پشتیوانی تیرۆر دەکات لە تەواوی جیهاندا،دەشڵێ :ئێران پشتیوانی ناکۆکی و گرژیەکانی نێو سوریا و عێراق و یەمەن دەکات،پشتیوانی یەکێک لە پارتە تونددڕەوەکان دەکات کە ئەویش حزبوللای لوبنانیە.

لە هەنگاریا کۆنفرانسێک سەبارەت بە جینۆسایدی گەلی کورد و جولەکە بەڕێوەچوو

دوێنێ چوارشەمە لە بۆداپێستی پایتەختی هەنگاریا کۆنفرانسێکی تایبەت بە جینۆسایدناساندنی گەلی کورد و ئەرمەنی و جولەکە بەڕێوەچوو. بەگوێرەی هەواڵێکی کوردستان 24 کۆنفرانسی تایبەت بە جینۆسایدی گەلی کورد، ئەرمەن و جولەکە دوێنێ چوارشەمە 2017/4/19 دەستپێکرد و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت و ئەکادیمی و ڕۆشنبیران لە تەواوی وڵاتانی جیهان و ئەوانەی کە تایبەتن بە پرسی جینۆساید بەشداری کۆنفرانسەکە بوون، بەتایبەتی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پرسی کورد کردووە و شارەزا و پسپۆڕی میژووی کوردن و لەم بارەوە خاوەن توێژینەوەن. هاوکات بە پێیی زانیارییەکانی خەبات لە کۆنفرانسەکەدا هەوڵدەدرێت جینۆسایدی گەلی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بچەسپێندرێت.

هێزێکی ئاسایشی پەیدە بۆ دووەمجار بارەگایەکی ئەنەکەسە دادەخات

هێزێکی سەر بە پارتی یەکوونی دیموکرات پەیدە لە کوردستانی ڕۆژئاوا هەڵیکوتاوەتە سەر نووسینگەی خۆرهەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) و دوای دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی ئەنجوومەنەکە، نووسینگەکەشیان داخستووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارتی دیموکراتی کوردستان سووریا (پەدەکەسە) بە خەباتی ڕاگەیاند ژمارەیەک چەکداری ئاسایشی سەر بە پەکەکە، هەڵیانکوتایە سەر ئەو نووسینگەیەی خۆرهەڵاتی قامیشلۆ لە کوردستانی ڕۆژئاوا کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا دوای داخستنی لە 15ی ئاداری ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی پەیدەوە ، سەرلەنوێ کردبوویەوە . سەرچاوەکە گوتیشی هێزەکەی سەر بە پەکەکە، دوای دەمەقاڵەیان لەگەڵ ئەندامان و سەرکردەکانی ئەنجوومەنەکە، دووبارە نووسینگەکەیان داخستەوە، هەروەها ئازاد عومەری ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ سووریاشان دەستگیر کرد و بۆ شوێنێکی نادیار ڕفاندیان . ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا کە لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنە، ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو یەکەم نووسینگەی داخراوی خۆی کە پێشتر هێزەکانی سەر بە پەیدەدە دایانخستبوو ، کردەوە.